# مامۆستای زیرەک ئەوەیە:
# کە قوتابییەکەی لە خۆی زیرەکتر دەرچێت!

سەردار عەبدوڵلا

ئەزموونی ئیسلامیستەکان لە سەرکوت و بێدەنگکردنی ئۆپۆزسیۆنەکانی خۆیان هەروا بە سانایی بەدەستنەهێنراوە، بێ نرخی مرۆڤ لایان و کوشتاری مرۆڤ بە بێ رەحمانەترین شێوە لە ئەزمونێکی مێژووییانەوە سەرچاوەدەگرێت.

لە راستیدا خزمایەتی ئەم شۆڤێنیزمەی ئیسلامی سیاسی، لەگەڵ راسیزم و نازیزمدا باسێکە کە کەم تیشکی خراوەتە سەر. پەیوەندی دۆستانەی نازیستەکانی ئەمریکا بۆ دژایەتی جولەکەکان کارێک دەکات کە پەیوەندی دۆستانە بە بەنلادنییەکان و ئیسلامە سیاسییەکانەوە ببەستن و تایتلی چوونە ناو ماڵپەڕەکەیان بە (بسم الله الرحمان الرحيم) بکەنەوە! گەر ئەم پەیوەندیە دۆستانەی ئەم پیاوخۆرانەی خۆرئاوا و خۆرهەڵات لەسەر بنەماییەکی پلان بۆ دارێژراویش نەبێت، نیشانەی نزیکی و تەبابوونی ئەم دوو بزووتنەوەیەیە لە ئامانج و دوورنماکانیان. دەری دەخات کە ئەم بزووتنەوانە ئاو لە یەک سەرچاوە ئەخۆنەوە و هەمان میتۆد بەکار دەهێنن بۆ دژایەتی و لەبەریەکهەڵتەکاندنی پەیوەندییە دۆستایەتییەکانی نیوان مرۆڤەکان لە شوێنە جیاوازەکان لەسەر زەمیندا!

ئیسلام؛ کە من پێم وایە لە سەرەتاوە هەر بە سیاسی بوون لە دایک بووە، لە هەر شوێنێک تەسبیح بەدەستێک فرسەتی هەبووبێت؛ تەسبحەکەی فڕێداوە و دەستی داوەتە شمشێر، بۆ سەرکوتی نەیارانیشی سوودی لەو کۆمەڵە ئەزموونەی بزووتنەوەکەیان وەرگرتووە کە بەدرێژایی مێژوو بۆیان ماوەتەوە!

لەراستیدا، بەم پێشەکییە ویستم تیشکێک بخەمە سەر رووی راستەقینەی ئەم روخسارە تاریکانە، و ئەو پەیوەندییە مێژووییەی کە لە گەڵ نازیزمدا هەیانبووە، ئەم وێنانەی خوارەوە دەری دەخات کە هیتلەر چەندە مامۆستاییەکی زیرەک و سەرکەوتوو بووە چونکە شاگردەکانی لەخۆی زیرەکتر دەرچوون! ئەم وێنانە بۆخۆیان قسەدەکەن و دەرخەری ئەو راستییەن!

وێنەی موفتی شیخ امین الحسینی لەگەڵ هیتلر و سەرانی نازیدا لە بەرلین







